پرسی نوژەنکردنەوەی قەڵاتی هەولێر پێ دەنێتە هەنگاوی خێراو جیدیترەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە ،ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر بە ئامادەبوونی مەسعود کارەش جێگری پارێزگار لەگەڵ ئەحمەد جونەد سروش والی بەرپرسی کلتووری رێکخراوی یونیسکۆ لە عێراق سەبارەت بە پرسی نۆژەنکردنەوەی قەڵاتی هەولێر کۆبوونەوە و باسیان لە بەرنامە و کاری هاوبەشی ئایندەیی نێوان هەردوولا کرد.

لە راگەیەندراوێکی پارێزگای هەولێردا هاتووە" خۆشناو پێزانینی خۆی ئاراستەی رێکخراوی یونیسکۆ بە کار وچالاکییەکانیان لە هەرێمی کوردستان پاراستنی کەلەپوور کرد.

هەردوولا هیوایان خواست بە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، و کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەران ئاستی پێژەکان فراوانتر بکەن.

بەرپرسی کلتووری یونیسکۆ لە عێراق، باسی لە کار و بەرنامەکانیان لە نۆژەنکردنەوەی قەڵاتی هەولێر کرد و گوتی: پاراستنی شوێنەوار و کەلەپووری قەڵات کە ئێستا بەتە میراتێکی جیهانی ئەولەویەتە بە یونسکۆ و هەوە دەدەین بە باشترین شێواز و دیزاین کارەکانی تێدا جێبەجێ بکەین و لە ئایندەیەکی نیزیکیشدا قەڵاتی هەولێر بکەینە رووگەیەکی دەرین و مەژوویی جیهانی کە گەشتیار لە هەموو جیهان رووی تێبکەن …

لەلایەن خەیەو پارەزگاری هەولەر جەختی لەسەر کاری جیدی و بازدان بەسەر لەمپەرو رەتین کردەو،

بەتایبەت تەواو کردنی شەقامی ناوەندی قەات ، چونکە قەات شایەنی ئاوردانەوەو خزمەتی زیاترە